وتەی ئەم ژمارەیە

ژمارە (١٠) ی تشرینی ٢٠٢١ ی (گۆڤاری کوردستانیی بۆ لێکۆڵینەوەی ستراتیجیی- JKSS) لە ماوەیەکی نزیکی دوای دەرچوونی ژمارەی (٩) لە ئاب دا، بەشداریییەکی دەست رەنگیینانەیە بۆ توێژەر و هەڵسەنگێنەرە ئاکادیمیاییەکان کە متمانەیان بە گۆڤارەکە لە برەودایە و، هاوکارییەکی بایەخدارە لەو رەوت و رۆڵەی کە دەستەی کوردستانیی بۆ دیراساتی ستراتیجیی و توێژیینەوەی زانستیی (KISSR) دەیگێڕێت لە بەرهەمهێنانی مەعریفەی سەردەمانە لە هەموو بوار و پسپۆرییەکان دا.

- **ناساندنەوەی دەستەی کوردستانیی بۆ دیراساتی ستراتیجیی و توێژیینەوەی زانستیی بەردەوامیی هەیە بەو هەموو جڵەوگیرییە سەردەمانەوە کە باوەڕی تەواوی پێی هەیە، چ لە دەرکردنی گۆڤارێک لە ئاستی باڵا و بە خواست و پەرۆشی زانستیی و ستراتیجییانەوە و، چ لە پرۆژەسازیی و برەودان بە توێژیینەوەی زانستیی دا.**
- **ئێمە لە بۆردی گۆڤاری کوردستانیی بۆ لێکۆڵینوەی ستراتیجیی- JKSS، لە خەمێکی گەورەداین کە توێژژینەوەکان لە ئاستێکی بەرزدابن وەک ناوەرۆک، بۆیە هەڵبژاردنی هەڵسەنگێنەرەکان لەو سۆنگەوەیەوە دێت کە لەگەڵ رۆحی گۆڤارەکەدا هاو-ئامانج و هاو- ویست بن، هەڵسەنگێنەرەکان زۆربەیان لەوپەڕیی مێشککراوەیی و بەخشندەیی مەعریفییدان بۆ دەستگرتن و خستنە سەرڕیی توێژەرە نۆدەستەکان و رۆشنکردنەوەی نووتەکییەکانی توێژیینەوە و، هزر و بۆچوونی سەردەمانە دەخەنەسەر توێژیینەوەکان.**
- **گۆڤارەکەمان، لە بەدیهێنانی ئامانجەکانیدا، بێ گرفت و بێ نیگەرانیی نییە. ئەوەی مەبەستە و پێویستە لەم قۆناغەیدا باسی لێوەبکرێت، ئاستی نووسیین بە کوردیی و رێنووسی نووسینە. ئێمە دەزانین کە لە نەبوونی دەوڵەتی کوردیی دا، ئەو هەلە نەهاتووەتە ئاراوە کە رێنووسێکی یەکگرتوومان هەبێت، بەڵام ئەمەش ئەوە ناگەیەنێت کە رێپێدراو بێت توێژیینەوە و کتێبەکان بە زمانی ناوچە و شار و گوندێک بنووسێرت. بە زمانێک بنووسێرت کە ئەوە باوە لە بازاڕ و کوچەکان دا، یان بەو زمانە وانە دەوترێتەوە کە ئەمەی دواییین خۆی کێشەیە. ئەم هەمجۆر زار و زمانە ناوچەییە، گرفتێکە کە زۆرێک لە توێژیینەوەکانی پێ نووسراونەتەوە. ئێمە لە گۆڤاری کوردستانیی بە تەنگ ئەوەوەین بە پێی توانا بژارێکی ئەو زاراوە و وشانە بکەین کە بلە توێژیینەوەکان دا بەکارهێنراون و سەروگوێلاک شکاون بو فۆرمی نووسین (دیارە**

سەدان وشە هەن کە لە زمانی رۆژانەدا بە کلک و گوێکراویی بەکاردێن و باون)، یان کەمبیستراون و هییچ فەرهەنگۆکێک یان پەراوێزێکی بۆ نەکراوە کە روونکردنەوەیەک بێت بۆ ئەو وشەگەلانە. گرفتی دووەم رێنووسی نووسینی کوردییە، بە داخەوە، هەر کەسە و چۆن لە زاری دێتە دەرەوە وەها دەنووسێت و ئەمەش جۆرێک لە ژاوەژاوی درووستکردووە. بەکوردیی و بە کورتیی، ئەکادیمیاییەکان پێویستییان بە بایەخدانێکی زۆر هەیە بە زمان و نووسینی ستاندەردەوە. رەنگە پرسیار بکرێت، ئایا پشت ببەسترێت بە کام سەرچاوەوە، وەڵامەکەی ئەوەیە، کە ئەوەی هەیە و بەردەستە چەن کتێبێکی کەمە بۆ رێنووسی کوردیی و لەگەڵ ئەو پاشکۆ بچووکەی گۆڤارەکەمان کە لە هەموو ژمارەیەکی گۆڤارەکەمان دا، لە بەشی پاشکۆدا دای دەنێین بە هیوای سوود وەرگرتن.

- کێشەی تایپکردن لە کێشە گەورەکانە کە دەستی ئێمە دەگرێت و ماندوو دەبین پێوەی. هەرچەندە دەینێرینەوە بۆ توێژەرەکە بۆ پێداچوونەوە بەڵام بە پێی پێویست چاکی ناکەنەوە و وردبینیی تیایدا ناکەن، کە نووسینەکە هینی خۆیانە و، ئەگەر بەو شێوە پر لە هەڵەی چاپ و هەڵەی رێنووس و زاڵێتیی زمانی ناوچە و خێڵە ناکرێت بە فەرامۆشکردنەوەوە بڵاوی بکەینەوە، سەرئەنجام، نە توێژینەوەکە کەڵکی خوێندنەوەی هەیە و، لە هەمان کات دا لە ئەدای گۆڤارەکەمان دێتە خوارەوە و ناتوانیین ببینە سەرمەشقی بونیادنانی گۆڤارێکی توکمە و گرنگ. بۆیە، بەرپرسیارێتیی ئاکادیمیاییە کە هەموومان ئەم گۆڤارە ببەینە ئاست و پێگەیەک کە مایەی پەرۆشیی و هیوای هەموومان بێت، نەک تەنها وێستگەیەک بێت بۆ بڵاوکردنەوەی توێژینەوە بە مەبەستی پلە بەرزکردنەوەی زانستیی و بەجێهێنانی پێداویستییەکانی خوێندنە باڵاکان بێت.

دەستخۆشییمان بۆ توێژەر و هەڵسەنگێنەرە ئەکادیمیاییەکان لە هاوکاریی و بەدەمەوەهاتنیان بۆ داواکاریی و خواستە مەعریفیی و ستراتیجییەکانی دەستەی کوردستانیی لەم مەشخەڵەدا، لە گەیاندنی گۆڤاری کوردستانیی بۆ ئاستێک کە شایستەی خۆی بێت.

پرۆفیسۆری یاریدەدەر

دکتۆر رزگار ئاغـــــا

سکرتێری نووسیـــن

تشرینی یەکەم ٢٠٢١